# خزمەتگوزاریی کارەبا

# مافی هەموو هاووڵاتیەکە



**"پێشنیارە پرۆژەیەک بۆ دابینکردنی کارەبای (٢٤ کاتژمێر)ی بەردەوام بۆ هاووڵاتیان بەبێ بارگرانی لەسەر بژێوی ژیانیان"**


**ئامادەکردنی:**
**عومەر عەبدوڵڵا فەتاح (عومەر گوڵپی)**
**ئەندامی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان**

**٢٠٢٥**


www.omargulpi.net info@omargulpi.net ٠٧٧٠١٥٤٨٩٢٦

# پێشەکی

لە ڕوانگەی پەرۆشـــیمان بۆ هاووڵاتیانی کوردســـتان و بایەخی زۆری وزەی کارەبا وەک سـامانێکی نیشـتیمانی بۆ ژیانی ڕۆژانەی خەڵک، پاش ڕاوێژ بە کەسـانی شـارەزا، ئەم پڕۆژە پێشنیارە لە بواری بەڕێوەبردنی خزمەتگوزاریی کارەبا دەخەینە بەردەست ڕایگشتی لەلایەک و وەزارەتی کارەبا لەلایەکی ترەوە کە بەرپرســیاری ســەرەکی خزمەتگوزاریی کارەبایە لە هەرێمی کوردستان.

دەکرێت ئەم پڕۆژەیە کە پێشـنیارەکانی لە چوارچێوەی لایەنی بەڕێوەبردنی وزەی کارەبایە لە ڕووانگەی دادگەریی کۆمەڵایەتیەوە، لە پاڵ پڕۆژەی تری گونجاودا، ببێتە هۆی باشـترکردنی ســیســتمی بەڕێوەبردنی کارەبا لە کوردســتاندا بەشــێوەیەکی گشــتی، بە هیوای ئەوەی لە ئایندەیەکی نزیکداو پاش جێبەجێکردنی پێشـــنیارەکان، هەرێمی کوردســـتان ببێتە خاوەنی کارەبای نیشتیمانی ٢٤ کاتژمێریی بەجۆرێک کە هاووڵاتی ئاسودە بێت بەوەی بووەتە خاوەنی خزمەتگوزارییەکی بنەڕەتی بەبێ بارگرانی لەســـەر بژێوی ژیانی، لە هەمانکاتدا خەڵک و وڵات و هەرێمەکەشمان دوور بێت لە بەزایەدانی ئەم سامانە نیشتیمانییە گرنگە کە بە یەکێک لە کۆڵەکەکـانی ژێرخـانی ئـابوری هەر وڵاتێـک ئەژمـار دەکرێت، بەجۆرێـک هیچ گەل و وڵاتێـک بەبێ دابینکردن و جێگیرکردنی کۆڵەکەکـانی ژێرخـانی ئـابوری کە یەکێـک لەکۆڵەکە ســەرەکییەکانیان کارەبایە، ناتوانێت هەنگاو بۆ پێشــەوە، بەرەو خۆشــگوزەرانی و پێشــکەوتن بهاوێت.

**عومەر عەبدڵڵا فەتاح**

**ئەندامی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان**

**٢٠٢٥/٥/١٢ - سلێمانی**

# بەشی یەکەم
# ئامانجەکانی پڕۆژە

ئەم پڕۆژەیە هەوڵدەدات ئەم ئامانجانەی خوارەوە بۆ هاووڵاتیان و دامەزراوەکان بهێنێتە دی:

١. دابین کردنی کارەبای بەردەوام (٢٤ کاتژمێری) بۆ هەموو خێزان و هاوبەشـــێک لە هەرێمی کوردستان.

٢. ڕەچاوکردنی بژێوی ژیانی هاووڵاتیان لە دەستنیشـانکردنی نرخی بەکارهێنانی کارەبا بەجۆرێک نرخی بەکارهێنانی کارەبا نەبێتە بارگرانی بۆ ژیانی هاووڵاتیان و کارەبا بۆ هەمووان بێت نەوەک تەنها گروپێک لە خەڵک.

٣. ڕێگریکردن لە بە زایەدان و زیادەڕەوی لە بەکارهێنان و پاراستنی وزەی کارەبا وەک ساماتێکی نیشتیمانی گرنگ.

٤. ڕووکردنە وزەی پاک و پارێزگاریی لە ژینگەی کوردستان.

# بەشی دووەم

# شەش ڕاستی لەبارەی وزەی کارەباوە لە کوردستان

**یەک/** کوردســـــتان خاوەنی ژێرخانێکی گەورەی وزەیە لە نەوت و غاز، نەوت و غازیش سامانێکی نیشتیمانیەو پێویستە بە باشترین شێوە بۆ بەرژەوەندی هاووڵاتیان و بەرزکردنەوەی ئاستی خۆشگوزەرانیان وەبەرهێنانیان تێدا بکرێت.

**دوو/** نەوت و غازی هەرێمی کوردستان، موڵکی خەڵکی کوردستانە، بۆ هیچ کەس و لایەن و وەزارەت و کابینەی حکومەتێک نییە بەبێ ویست و دەسەڵاتی گەل و لە ڕێگەی یاساوە (لە پەرلەمان) دەست بۆ بەکارهێنانیان ببات.

**ســـێ/** نزیکەی ڕێژەی (٩٥%)ی وزەی کـارەبـا لە کوردســـــتـان لە ڕێگەی (غـاز)ەوە بەرهەمدەهێنرێت، ئەو غازەش موڵکی خەڵکی کوردستانە و خەڵک مافی خۆیەتی سودمەندی ســەرەکی بەکارهێنان و بەرهەمهێنانی غاز بێت چ بۆ وزەی کارەبا یان بۆ بەکارهێنانی تر کە بڕی یەدەگی غاز لە کوردستان بە (٢٥ ترلیۆن پێ سێجا) خەمڵێنراوە.

**چوار/** لە ئێســــتەدا هەرێمی کوردســــتان بە نزیکەیی (٣,٧٠٠ مێگاوات ســــەعات) کارەبا بەرهەمدەهێنێت، لەو بڕەیە نزیکەی (٣,٠٠٠ مێگاوات ســــەعات)ی بۆ نـاوخۆی هەرێم و نزیکەی (٧٠٠ مێگاوات سەعات)ی بۆ شارەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق دەفرۆشێت.

**پێنج/** کۆمپانیاکانی دەرهێنانی غاز لە قۆنـاغی پەرەپێدانـدانی کێڵگەکانـدان، بەتـایبەت کێڵگەی غازی چەمچەماڵ کە لەلایەن کۆمپانیای دانەغاز وەبەرهێنـانی تێدا دەکرێت، بەجۆرێـک لە ئێســـتەدا (٥٥٠ ملیۆن پێ ســـێجای ڕۆژانە) غاز بەرهەمدەهێنن و لە بەرنامەیاندا هەیە تا ســەرەتای ســاڵی ئاینده (٢٠٢٦) تواناکانیان بگەیەننە (٨٥٠ ملیۆن پێ سـێجای ڕۆژانە)، ئەو بڕە غازەش پێویستی وێستگەکانی سوتەمەنی بە تەواوەتی دابین دەکات.

**شەش/** لە ئێستەدا ژێرخانی بەرهەمهێنانی کارەبا لە کوردستان لە ئاستی پێداویستی وخواستی تەواوەتی کوردسـتاندایە بۆ وزەی کارەبا، بەتایبەت وێسـتگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا توانای دابینکردنی پێداویستی و خواستی هاوبەشـانی کارەبایان هەیە کە نزیکەی (٦,٠٠٠ مێگا وات ســـەعات کارەبایە) ئەگەر غازی پێویســـتیان بۆ دابین بکرێت، تەنانەت چاوەڕووان دەکرێت (٢,٠٠٠ مێگا وات سـەعات) زیاتر لە پێداویسـتی ئێسـتەی کوردسـتان وزەی کارەبا بەرهەم بهێنن.

# بەشی سێیەم

# چۆن نرخی کارەبا دەستنیشان بکرێت؟

**یەک/** لەبەرئەوەی وزەی کارەبا، پێداویستی سەرەکی و بنەڕەتی ژیانی هاوولاتیانەو بەهۆی ئەو گۆڕانکارییە جۆراو جۆرانەی بەسەر ژیانکردنی هاوولاتیاندا هاتووە لە سەد ساڵی ڕابردوودا، هیچ کەس و خێزانێک نییە بتوانێت بەبێ کارەبا ژیانێکی ئاسایی و شایستە بژی، بۆیە هەر هاوولاتیەک، لە هەر شوێنێکی دونیا، پێویستی بۆ وزەی کارەبا بووەتە پێداویستیەکی سەرەکی ژیانی، بەڵام بە ئاستی جیاواز، ئەوش بە کاریگەریی ژینگەی کۆمەلایەتی و دۆخی ئابوری و بەردەست بوون و نەبوونی سەرچاوەکانی تری وزە بۆ ژیانکردن و شێوازی ژیانی هەر گەل و کۆمەڵگەیەک.

بەهۆی شێوازی ژیان لە سی ساڵی ڕابردوودا، هەروەها بەردەست نەبوونی شایستەو گونجاوی سەرچاوەکانی تری وزە وەک (نەوت، غاز، ... ) و سروشتی ئەو ئامێرانەی بۆ فێنککردنەوەو گەرمکردنەوەو ئاو گەرم کردن هاوولاتیان پشتیان پێدەبەستن، کارەبا بووەتە پێداویستیەکی سەرەکی بەجۆرێک کە هەر جۆرە دەستبردنێک بۆ نرخی کارەبا بەبێ تێگەیشتن لە شێوازی ژیان و پێداویستییەکانی خەڵک و ئاستی بژێوی، کێشەی گەورە بۆ ژیانی هاوولاتیان دروست دەکات، بۆیە بابەتی نرخ، وابەستەی بابەتی بەکارهێنانی کارەبایە بۆ پێداویستی ژیانی هاوولاتیان و دەبێت بە ورياييەوە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت.

**دوو/** نرخی کارەبا وابەستەی ژیان و ئاستی بژێوی هاوولاتیانە، دەستنیشانکردنی نرخی بەکارهێنانی کارەبا پێویستە بە پێی ئاستی بژێوی ژیانی هاوولاتیان بێت، بەبێ ڕەچاوکردنی ئەم ڕاستیە هەر جۆرە نرخێک دەبێتە ستەم لەسەر خەڵک بە شێوەیەکی گشتی، بەتایبەت خێزانە مامناوەندو هەژارەکان.

**سێ/** بۆیە بۆ دەستنیشانکردنی نرخی کارەبا، پێویستە ڕەچاوی ئەمانەی خوارەوە بکرێت:

١. ئاستی بژێوی ژیانی هاوولاتیان.
٢. بەرهەمهێنانی کارەبا لە غازی سروشتی کە موڵکی خەڵکی کوردستانە.
٣. پابەندییە دەستوریی و یاساییەکانی حکومەت بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاریی گشتی و خزمەتگوزاریی کارەبا بە نرخی حکومی.

# بەشی چوارەم

# پێشنیارکردنی نرخی کارەبا

ئەو نرخانەی لە خشتەی ژمارە (٥)ی ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠٢١)ی وەزارەتی کارەبا بۆ نرخی کارەبا دەستنیشانکراون، تا ڕادەیەک نزیکن لە توانای هاووڵاتی بۆ کڕین و بەکارهێنانی کارەبای نیشتیمانی بەراورد بە ئاستی بژێوی ژیانی، بۆیە ئەو ڕێنماییە پێویستە بنەمای نرخی کارەبا بێت لە کوردستان، بەم گۆڕانکاریی و پۆلێن بەندییەی خوارەوە کە وەک پێشنیارێک بۆ نرخی کارەبا ئەم پرۆژەیە دەیخاتە ڕوو:

**یەکەم/ پشتیوانی تەواوەتی: (بۆ هاوبەشی ماڵان تا ئاستی پێویستی ستاندارد (کەمترلە ١,٥٠٠ کیلۆ وات):**

١. لە ئاستی بەکارهێنانی (١ بۆ ٣٠٠ کیلۆ وات سەعات)، واتە (٣٠٠ کیلۆ واتی یەکەم بۆ مانگێک) بە نرخی **(١٨ دینار)** بۆ یەک کیلۆ وات.
(تێبینی: ٣٠٠ کیلۆ وات لە مانگێکدا بە نزیکەی دەکاتە ٢ ئەمپێری بەردەوام).

٢. لە ئاستی (٣٠٠ تا ٦٠٠ کیلۆ وات سەعات)، واتە (٣٠٠ کیلۆ وات)ی دووەم بۆ مانگێک، بە نرخی **(٢٤ دینار)** بۆ یەک کیلۆ وات.
(تێبینی: ٦٠٠ کیلۆ وات لە مانگێکدا بە نزیکەی دەکاتە ٣,٧ ئەمپێری بەردەوام).

٣. لە ئاستی (٦٠١ تا ٩٠٠ کیلۆ وات سەعات)، واتە (٣٠٠ کیلۆ وات)ی سێیەم بۆ مانگێک، بە نرخی **(٣٠ دینار)** بۆ یەک کیلۆ وات.
(تێبینی: ٩٠٠ کیلۆ وات لە مانگێکدا بە نزیکەیی دەکاتە ٥,٦٨ ئەمپێری بەردەوام).

٤. لە ئاستی (٩٠١ تا ١,٢٠٠ کیلۆ وات سەعات)، واتە (٣٠٠ کیلۆ وات)ی چوارەم بۆ مانگێک، بە نرخی **(٣٦ دینار)** بۆ یەک کیلۆ وات.
(تێبینی: ١,٢٠٠ کیلۆ وات لە مانگێکدا بە نزیکەیی دەکاتە ٧,٥ ئەمپێری بەردەوام)

٥. لە ئاستی (١,٢٠١ تا ١٥٠٠ کیلۆ وات سەعات)، واتە (٣٠٠ کیلۆ وات)ی پێنجەم بۆ مانگێک، بە نرخی **(٤٢ دینار)** بۆ یەک کیلۆ وات.
(تێبینی: ١,٥٠٠ کیلۆ واتی مانگانە بە نزیکەی دەکاتە ٩,٥ ئەمپێری بەردەوام)

**نمونە(١):** ئەگەر خێزانێک لە مانگێکدا بڕی (٣٠٠ کیلۆ وات)ی بەکارهێنا، ئەوە ئەو پارەیەی لە مانگێکدا دەیدات بریتیە لە (**٥,٤٠٠**) دینار.

**نمونە (٢):** ئەگەر خێزانێک لە مانگێکدا (٧٥٠ کیلۆ وات)ی بەکارهێنا کە دەکاتە نزیکەی (٤,٧ ئەمپێر)، ئەوە پسوڵەکەی بەمجۆرە بۆ حساب دەکرێت: (٣٠٠ کیلۆ واتی یەکەم * ١٨ دینار) + (٣٠٠ کیلۆ واتی دووەم * ٢٤ دینار) + (١٥٠ کیلۆ وات * ٣٠ دینار) = (٥,٤٠٠ دینار + ٧,٢٠٠ دینار+ ٤,٥٠٠ دینار)= **١٧,١٠٠ دینار**.

**نمونە (٣):** ئەگەر خێزانێک لە مانگێکدا (١,٣٠٠ کیلۆ وات)ی بەکارهێنا کە دەکاتە نزیکەی (٨ ئەمپێری بەردەوام)، ئەوە پارەکەی بەمجۆرە ئەژمار دەکرێت: (٣٠٠ * ١٨) + (٣٠٠ * ٢٤) + (٣٠٠ * ٣٠) + (٣٠٠ * ٣٦) + (١٠٠ * ٤٢) = (٥,٤٠٠ + ٧,٢٠٠ + ٩,٠٠٠ + ١٠,٨٠٠ + ٤,٢٠٠) = **٣٦,٦٠٠ دینار**.

**نمونەی (٤):** ئەگەر خێزانێک لە مانگێکدا (١,٥٠٠ کیلۆ وات)ی بەکارهێنا کە دەکاتە نزیکەی (٩,٥ ئەمپێر کارەبای بەردەوام)، ئەوە پارەی پسوڵەکەی بەمجۆرە ئەژمار دەکرێت: (٣٠٠ * ١٨ + ٣٠٠ * ٢٤ + ٣٠٠ * ٣٠ + ٣٠٠ * ٣٦ + ٣٠٠ * ٤٢) = (٥,٤٠٠ + ٧,٢٠٠ + ٩,٠٠٠ + ١٠,٨٠٠ + ١٢,٦٠٠)= **٤٥,٠٠٠ دینار**.

**دووەم/ پشتیوانی ڕێژەیی: (بۆ هاوبەشانی ماڵان کە زیاتر لە (١,٥٠٠ کیلۆ وات) بۆ مانگێک بەکاردەهێنن):**

پێشنیار دەکەین بۆ بەکارهێنان لە (١,٥٠١ تا ٣,٠٠٠ کیلۆ وات سەعات) لە مانگێکدا، پشتیوانی حکومەت بەمجۆرەی لێ بکرێت:

١. لە (١,٥٠١ تا ١,٨٠٠ کیلۆ وات سەعات) بۆ ماوەی مانگێک، لە (٣٠٠ کیلۆ واتی یەکەم لەسەروو ١٥٠٠ کیلۆ وات) پشتیوانی حکومی تەنها لە (٥٠%) بێت بۆ هەر کیلۆ واتێک، واتە ئەگەر خەملاندنی تێچووی کیلۆ واتێک کارەبا (١٠٠ دینار) بێت، ئەوە بۆ (٣٠٠ کیلۆ واتی سەروو ١٥٠٠ مکە) حکومەت (٥٠ دینار)و هاوولاتیش (٥٠) دیناری لە ئەستۆ بگرێت.

٢. لە (١,٨٠١ بۆ ٢,١٠٠ کیلۆ وات سەعات) بۆ ماوەی مانگێک، لە (٣٠٠ کیلۆ واتی دووەمی سەروو ١٥٠٠ کیلۆ وات)، پشتیوانی حکومەت بۆی ببێت بە (٤٠%).

٣. له (٢,١٠١ بۆ ٢,٤٠٠ کیلۆ وات سـەعات) بۆ ماوەی مانگێک، له (٣٠٠ کیلۆ واتی سێیەمی سەروو ١٥٠٠)، پشتیوانی حکومەت بۆی ببێت به (٣٠%)ی تێچووی یەک کیلۆ وات.

٤. له (٢,٤٠١ بۆ ٢,٧٠٠ کیلۆ وات سەعات) بۆ مانگێک، له (٣٠٠ کیلۆ واتی چوارەمی سەروو ١٥٠٠)، پشتیوانی حکومەت بۆی ببێت به (٢٠%).

٥. له (٢,٧٠١ بۆ ٣,٠٠٠ کیلۆ وات سـەعات) بۆ مانگێک، له (٣٠٠ کیلۆ واتی پێنجەمی سەروو ١٥٠٠ کیلۆ وات)، پشتیوانی حکومەت بۆی ببێته (١٠%).

٦. له (٣,٠٠١ کیلۆ وات سـەعات و زیاتر) بۆ مانگێک، پشـتیوانی حکومەت بۆ ببێت به (٠%).

**سـێیەم/ بۆ هاوبەشـانی ماڵان کە لە سـەروو (٣,٠٠٠ کیلۆ وات سـەعات) مانگانە کارەبا بەکاردەهێنن:**

هیچ پشـتیوانیەکی حکومەت بۆ ماڵێک نەبێت کە بەکارهێنانی لە سـەروو (٣,٠٠٠ کیلۆ وات سـەعات)ەوەیە کە دەکاتە نزیکەی (١٩ ئەمپێری بەردەوام بەرەو سەرەوە)، هەر لە کیلۆ واتی یەکەمەوە بە تێچووی تەواوی بەرهەمهێنان بۆ هەر کیلۆ واتێک پارەی لێ وەربگیرێت.

**تێبینی: بەپێی ئەم پرۆژەیە هیچ جیاوازییەک ناکرێت لە نێوان هاوبەشانی ماڵاندا، خێزان لە هەر شـوێنێک نیشـتەجێبوو (گەڕەک یان سیتی)، ئەرکی وەزارەتی کارەبایە بەبێ جیاوازی کارەبای بۆ دابین بکات بە نرخی حکومی پێشنیار کراو.**

## چوارەم/ بۆ هاوبەشی بازرگانی و پیشەسازی:

وەرگرتنی کرێی کارەبا بۆ هاوبەشی بازرگانی و پیشەسازی وەک یەک و بەبێ ڕەچاوکردنی شوێنی بازرگانی و پیشەسازییەکەو جۆری بەرهەم و پێداویستیەکەی بۆ خەڵک، جۆرێک لە نادادگەریی تێدایە، بۆیە پێشنیار دەکەین هاوبەشانی پیشەسازی و بازرگانی لەسەر بنەمای جۆرو بەرهەم و شوێنەکەیان بە پێی بەرژەوەندی ئابوری و بەرژەوەندی گشتی، پۆلێن بکرێن بۆ دە ئاستی جیاوازو نرخی کارەبایان لە نێوان (٥٠ دینار تا ١٥٠ دینار) دابەش بکرێت بە پێی ئاستەکانیان.

**بۆ نمونەی شوێن**: دوکانێک لە سەنتەری شاری پارێزگا یان لە شەقامێکی بازرگانی گرنگ جیاواز بێت لەگەڵ دوکانێک لە شارۆچکە یان شوێنێکی پەراوێزخراوی شارێک.

**بۆ نمونەی جۆری بەرهەم**: شوێنێکی بازرگانی یان پیشەسازی کە کار لە بەرهەمێک دەکات پەیوەندی بە بابەتێکی تایبەت بە پێداویستی بنەڕەتی هاوولاتیانەوە هەیە (وەک ئارد)، ئاستەکەی جیاوازبێت لە شوێنێکی بازرگانی یان پیشەسازی کە کار بۆ بەرهەمهێنانی بەرهەمێکی لاوەکی ژیانی هاوولاتیان دەکات (وەک بابەتەکانی جوانکاریی)، واتە نابێت بۆ ئەم دوو شوێنە بازرگانییە وەک یەک پارەی کارەبایان لێوەربگیرێت.

# بەشی پێنجەم
# هەڵسەنگاندنی بەکارهێنانی کارەبا

لە ڕێگەی لیژنەیەکی پسپۆڕەوە، هەڵسەنگاندن بۆ هەر خێزانێک بکرێت کە بەکارهێنانی لە (٢,٠٠٠ کیلۆ وات سەعات)ی مانگانەی زیاتر بەکاربهێنێت و ئەوماڵانە دابەش بکرێن بۆ دوو ئەگەر:

١. ئەگەر بەکارهێنانی خێزان لە (٢٠٠٠ کیلۆ وات سەعات) لە ئەنجامی پێداویستی خێزانەکەیە بەهۆی قەرەباڵغی، یان بوونی زیاتر لە خێزانێک لە یەک خانوودا، ئەوە هەمان ئەو نرخانەی بۆ ئەژمار بکرێت کە لە هەردوو خاڵی یەکەم و دووەمی بەشی چوارەمدا پێشنیار کراون.

٢. ئەگەر بەکارهێنانی بەهۆی زیادەڕەویی و خراپ بەکارهێنانەوەیە، ئەوە هەر لە (٢٠٠٠ کیلۆ وات سەعات)بۆ مانگێک، نرخی کارەبای بۆ بکرێت بە نرخی تەواوی تێچووی هەر کیلۆ واتێک کارەباو هیچ پاڵپشتیەکی حکومەتی لەسەر نەبێت.

# بەشی شەشەم
# پاڵپشتی هەژارەکان

## یەک/ چۆن پاڵپشتی هەژارەکان بکرێت؟

هەژارەکان، ئەو خانەوادانەی لە خوار هێڵی هەژارییەوەن، بریتین لە خێزانێک کە بەهۆی دۆخێکی کۆمەڵایەتی یان ئابورییەوە ناتوانێت پێداویستیە بنەڕەتییەکانی ژیان بۆ خۆیان دابین بکەن، کە بە پێی دواهەمین ئامارە زانستیەکان لە ئێستەدا نزیکەی (١٢٧,٠٠٠) خێزان لە خوار هێڵی هەژارییەوەن، بۆ کارەبای ئەم خێزانانە ئەم پێشنیارانە دەکەین:

١. لە بەرکارهێنانی (١ تا ٥٠٠ کیلۆ وات سەعات)ی مانگانە بەبێ بەرانبەر بدرێت بەو خێزانانەی لە خوار هێڵی هەژارییەوەن کە دەکاتە نزیکەی (٣ ئەمپێری بەردەوام) کە بۆ (١٢٧,٠٠٠) خێزان تێچووەکەی دەکاتە (١,٢٩٥,٠٠٠,٠٠٠ – یەک ملیارو دوو سەدو نەوەدو پێنج ملیۆن) دینار.

٢. ئەگەر خێزانەکە بە هەر هۆکارێک ئەو برە کارەبایە (هەمووی یان بەشێکی) بەکار نەهێنا، ئەوە بتوانێت بە حکومەتی بفرۆشێتەوە بەو نرخانەی کە لە خاڵی سێیەمی بەشی چوارەمدا هاتوون (توانای پرۆگرامکردنی ئەم پرۆسەیە کارێکی ئاسانە).

٣. بۆ دەستنیشانکردنی ئەم خێزانانە سود لە فەرمانگەکانی تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی سەر بە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی وەربگیرێت کە بە پێی ستانداردە بەکارهاتوەکان دەتوانن خێزانە هەژارو شایستەکان دەستنیشان بکەن.

٤. ساڵانە یان دوو ساڵ جارێک هەڵسەنگاندن بۆ ئاستی بژێوی ژیانی خێزانە هەژارەکان بکرێتەوە، ئەگەر دۆخی داراییان بەجۆرێک گۆڕابوو کە بکەونە سەروو هێڵی هەژاریی، ئەوە لەو لێخۆشبوونەی لە خاڵی یەکەمدا هاتووە دەربهێنرێن.

## دوو/ گرنگی و بایەخی بەخشینی هەژارەکان لە کرێی کارەبا:

١. ئەو خێزانانەی لە خوار هێڵی هەژارییەوەن پێویستیان بە هاوکاریی و پشتیوانییە بۆ ئەوەی خواردن و خواردنەوەو جل و بەرگ و پێداویستی پەروەردەوتەندروستی پێویستیان دەست بکەوێت، بەخشینیان لە کارەبا یەکێک لە ئەرکە بنەڕەتییەکانی حکومەتە وەک بەشێک لە هاوکاری بۆیان کە بەداخەوە تا ئێستا لە کوردستان هیچ هاوکارییەک بۆ ئەو خێزانانە نییە.

٢. بەشێک لە خێزانە هەژارەکان پێکهاتوون لە هاووڵاتیانی خاوەن پێداویستی تایبەت کە سەرۆک خێزانن، یان منداڵانی بێسەرپەرشت، ئەو ئافرەتانەی هیچ بەخێوکاریان نییە و بەخێوکاری منداڵن، ئەو ئافرەتانەی هاوسەرەکانیان سزا دراوەو هیچ سەرچاوەیەکی بژێوی و پاڵپشتیەکی داراییان نییە، بەساڵاچووانی پەککەوتەو ئەوانەی نەخۆشی درێژخایەنیان هەیە، ئەم چین و توێژانەش سەرەڕای هەژاریی، ئەرکی حکومەتە زیاتر خزمەتیان بکات.

٣. لە کاتی کەم بەکارهێنان، یان بەهەر هۆکارێک بەکارنەهێنانی ئەو بڕە کارەبایە، ئەوە خێزانە هەژارەکە بڕە پارەیەکی دەست دەکەوێت بۆ بژێزی ژیانی، حکومەتیش بڕێک زیاتر کارەبای بۆ دەگەڕێتەوەو دەتوانێت بیفرۆشێتەوە بەشدارانی تر.

٤. ئەم شێوازە زیاتر لە دادگەرییەوە نزیکە.

٥. دەبێتە هۆی زیندووکردنەوەی هەستی نیشتیماندۆستی و خۆ بە خاوەنزانینی سەروەت و سامان و هاندانی هاووڵاتیانی هەژار بۆ دەستگرتن بە سامانی گشتی و پاراستنی و بڵاوکردنەوەی هەمان ئەم ڕەوشتە لەناو تێکڕای هاووڵاتیاندا.

# بەشی حەوتەم
# پاراستنی وزەی کارەبا وەک سامانێکی گشتی

بابەتی ڕاستکردنەوەی هەڵس و کەوتی تاک لە بەفیڕۆنەدانی سامانی گشتی بە شێوەیەکی گشتی و بەتایبەت وزەی کارەبا، بابەتێکی فرە ڕەهەندەو تەنها پەیوەندی بە لایەنی ئابوریی و هەرزانی یان گرانی نرخی کارەباوە نییە، بەڵکو پەیوەستییەکی زۆری بە لایەنی پەروەردەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئاستی بژێوی و هۆشیاریی تاکەوە هەیە، ئەمە بێجگە لەو کەلێنە گەورەیەی لە نێوان هەست و نەستی تاکی هاوولاتی و دامەزرازەکانی حکومەتدا دروست بووە، بۆیە بۆ ئەوەی وا بکەین تاک و خێزان بەرپرسیارانە مامەڵە لەگەڵ خزمەتگوزاریی و سامانی گشتی بەتایبەت کارەبادا بکەن، پێویستە:

- پڕۆژەیەکی گەورەی نیشتیمانی ڕابگەیەنرێت، کە بە پێی پلانێکی ڕوونی کات دیاریکراو کار بکرێت بۆ پەروەردەکردن و هۆشیارکردنەوەی تاک و خێزان لە پاراستنی خزمەتگوزارییەکان بەتایبەت پاراستنی وزەی کارەباو بەزایەنەدانی لە هیچ دۆخێکدا، بەمجۆرەی خوارەوە:

١. پڕۆژەیەکی نیشتیمانی بێت و هەموو تاکێک بگرێتەوە.

٢. وەزارەت و دامەزراوە پەیوەندیدارەکانی وەک (کارەبا، پەروەردە، ڕۆشنبیریی، ئەوقاف، یەکێتی زانایان، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، دەستەی ژینگە، پلاندانان) بەشداربن و لە پلانی پڕۆژە نیشاتیمانییەکەدا ئەرکیان دیاریکراوو دەستنیشان کراو بێت.

٣. میدیاو دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەشداری کارایان پێبکرێت لە پلانی پڕۆژە نیشتیمانیەکەدا.

٤. پلانەکە بۆ ماوەی پێنج ساڵ بەردەوام بێت و بۆردێکی لە ئاستی ئەنجومەنی وەزیران بۆ دروست بکرێت و بە بەردەوامی بەدواداچوون بۆ کارەکانی بکرێت تا هێنانەدی ئامانجەکانی.

# بەشی هەشتەم

# هاندان بۆ سودوەرگرتن لە وزە نوێبووەوەکان

بەمەبەستی هاندانی هاووڵاتیان و سەرجەم هاوبەشانی کارەبا لەسەرجەم پۆلێنەکان بۆ پشت بەستن بە وزەی خۆرو هەوا بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا، پێشنیار دەکەین:

١. ئاسانکاریی بۆ ئەو کۆمپانیایانە بکرێت کە لە بواری دامەزراندن و بەستن و دروستکردنی سەرچاوەی بەرهەمهێنانی کارەبا لە وزەی خۆرو هەوا کار دەکەن.

٢. بەخشینی ئەو کۆمپانیایانەی کە لە بواری دروستکردنی سەرچاوەی کارەبا لە وزەی خۆرو هەوا کار دەکەن لە هەموو باج و ڕسوماتێک بۆ ماوەی (سێ ساڵ) بەمەرجی چاودێریی و دڵنیایی بەکارهێنانی ئەم بەخشینە بۆ مەبەستی ڕاستەقینە.

٣. ئاسانکاریی بۆ پێدانی قەرز (بەبێ هیچ زیادەیەک) بەو هاوبەشانەی کارەبا کە دەیانەوێت سود لە هەواو وزەی خۆر وەربگرن بۆ دروستکردنی سەرچاوەی کارەبای تایبەت بە خۆیان بە هاوکاری حکومەتی ئیتیحادی.

# بەشی نۆیەم
# چەند بنەمایەکی گشتی

بەمەبەستی پێشخستنی زیاتری خزمەتگوزاریی کارەبا، لەم بەشەدا چەند پێشنیارێک دەخەینەڕوو:

### ١. پەیڕەویکردن لە هاوکێشەی (٩ بۆ ٩) لە نرخدانانداا لەسەر پسوڵە:

بەمەبەستی ڕێکخستن و ڕاگرتنی هاوسەنگی لە خواستی هاوبەشانی کارەبا لە نێوان کاتە جیاوازەکانی شەووڕۆژو کەمکردنەوەی کێشەو فشار لەسەر وێستگەو تۆڕەکانی کارەبا، پێشنیار دەکەین نرخی کارەبا لە شەووڕۆژ جیاواز بێت بە بڕی (٣±) لە نێوان (٩ی شەو تا ٩ی بەیانی)، واتە بۆ بەکارهێنانی هەر یەک کیلۆ وات کارەبا لە شەودا نرخەکەی (٣ دینار) کەمتر بێت تا هەمان کیلۆ وات لە شەودا، ئەمەش لەسەر بنەمای زانیارییە بەردەستەکانی وەزارەتی کارەبا بۆ بەکارهێنانی کارەبا لەلایەن هاووڵاتیانەوە. یاخود پێشنیار دەکەین کاتەکە بە پێی زانیاریی و داتاکانی وەزارەتی کارەبا دەستنیشان بکرێت لەسەر بنەمای ئەوەی لە چ دوانزە سەعاتێکدا کارەبای زیاتر خەرج دەکرێت؟

### ٢. پێداچوونەوە بە گرێبەستەکاندا:

پێداچوونەوە بە گرێبەستی کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی غازو گرێبەستی وێستگەکانی کەرتی تایبەت بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا، بەمەبەستی دڵنیابوونەوە لە بەدیهێنانی بەرژەوەندی گشتی و ڕێگە نەدان بە قۆرخکاریی و خراپ سودوەرگرتن لەو مۆڵەتەی پێیان دراوە لە بواری کارکردنەکەیان، بەتایبەت ئەگەر گرێبەستەکان بە موساتەحەبن چاودێریکردنی گرێبەستەکان تا تەواوبوونی کاتەکانیان و گەڕاندنەوەیان بۆ موڵکیەتی کەرتی گشتی.

### ٣. سەرەتا دانیشتیووانی هەرێم:

نەفرۆشتنی هیچ بڕە کارەبایەک بە دەرەوەی هەرێمی کوردستان تا ئەو کاتەی پێداویستی هاوبەشانی کارەبا لە هەرێم پڕ دەکرێتەوەو پێداویستی هەرێمی کوردستان بۆ وزەی کارەبا بە تەواوەتی وەڵام دەدرێتەوە.

### ٤. ژێرخانی یاسا:

لە چوارچێوەی هێنانەدی ئامانجەکانی ئەم پڕۆژە پیشـــنیارە، پڕۆژە یاســـایەک بدرێتە پەرلەمانی کوردستان (ئەو کاتەی پەرلەمانێکی کارا هەبوو) بەمەبەستی دروستکردنی ژێرخـانی یـاســـایی بۆ (بەرهەمهێنـان و بەڕێوەبردنی وزەی کـارەبـاو ســـزادانی سەرپێچیکران) لە کوردستان کە تا ئێستا کەلێنێکی گەورەی یاسایی هەیە لەم بوارەدا.

### ٥. پێداچوونەوە:

پێداچوونەوەو نوێکردنەوەی تۆڕەکـانی کـارەبـا لە پێنـاو کەمکردنەوەی بەفێڕۆچوونی وزە.

## - کۆتایی -